# پشووی کۆوار

پشووی کۆوار

پشووی کۆوار



- فیلم و بینەر



- کتێب و خوێنەر




نامە:

دەرگایەک بۆ گواستنەوەی هەستەکان،

پەنجەرەیەک بۆ خستنە رووی راستییەکان



**تیپی نارینی فۆلکلۆری و کەلەپوری کوردی:**

گەرەکە دام و دەزگا هونەری و کولتورییەکان کار لەسەر کەلەپووری کوردی بکەن و هەوڵی زیندووکردنەوەی بەرهەمە دێرین و رەسەنەکان بدەن.



# سەردانی شاندی کۆوار بۆ ئێران




















لە ژمارەکانی داهاتووی (کۆوار)دا، چەندین ڕیپۆرتاژ و دیدار و هەڤپەیڤین بخوێنەوە.

ئـایـاری
2006

# کتێــب و خوێنــەر



**بۆ ئاگاداربوون لە ئاستی پێشوازی کردنی خوێندەوارانی کورد لە کتێب و کاریگەریان، (کۆوار) لە هەر ژمارەیەکیدا لەچەند خوێنەرێکی کتێب دەپرسێ، بەلای تۆوە پڕ بایەخترین و جوانترین دێر، کە لەدواین کتێب بەرچاوت کەوت چییە؟**

*** ئاسۆ عەلی کەریم، قوتابی کۆلیژی پەروەردەی سۆران:**

_ ئەو کتێبەی کە بۆ دواین جار خوێندمەوە هەرچەند تەواوم نەکرد، کتێبی( ژن لەسەرتەختی دەسەلآت)ی (مەحموود تلوعی)یە، کە (ئەبوبەکرمەجیدی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کتێبەکە باس لەو ئافرەتانە دەکات، کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر تەختی دەسەلآت بوون، ئەو پەرتووکە لە حەڤدە بەش پێکهاتووە، لەدوو شوێندا سەرنجی منی راکێشا، لەبەشی سێیەمدا باسی مەلیکە( تیدۆرا) دەکات، کە ژنێکی سۆزانی بووە، پاشان بۆتە شاژنی گەورەترین ئیمپراتۆری سەردەمی خۆی و لەکاتی مردنیدا نازناوی پاکی قەشەی وەرگرت. نووسەر دەڵێ: ژمارەیەك لە سیخوڕان راپۆرتی باری خراپی سۆزانییەکانی قوستەنتینیان بە(تیدۆرا) دا، ئەویش بۆ رزگارکردنی هاوکارەکانی پێشووی خۆی لەو ژیانە مەرگەساتییە، بڕیاریدا بیانخاتە ژێر سەرپەرشتی خۆی و کەنیسەیەکی بۆ نیشتەجێکردنی(500) سۆزانی تەرخانکرد، کەناویان نا( پەشیمانگە) هەموو پێداویستیەکیشیان بۆ دەستەبەرکردن و پاش تۆبەکردن و لێخۆشبوون، بەشێکیان گەڕێندرانەوە نێو بنەماڵەکانیان، ئەوانەی بێ کەسوکاریش بوون، بەشوودران و(تیدۆرا)یش لە ئاهەنگی بوکێنییاندا بەشداربوو. لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەشیدا کە سەرنجی منی راکێشا کورسی دەسەلآتە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کۆتاییەکەی کۆدەتا و کوشتارە.

نووسەر پێمان دەڵێ: نابێ لەسیاسەتدا متمانە بە هیچ کەسێك بکەی، هەروەك وینستۆن چەرچل دەڵێت: سیاسەت نەدۆستی هەتا هەتایی هەیە، نەدوژمنی هەتاهەتایی، بەڵکو پەیوەستە بە بەرژەوەندی هەتا هەتایی.

*** تاریق عەبدوڵڵا، فەرمانبەر:**

_ کتێبی( کوردەکان_ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی) لە نووسینی( حەسەن ئەرفەع) و وەرگێڕانی( سەردار محەمەد) دواین کتێب بوو، کە خوێندمەوە، لە تووێیدا باس لە مێژووی کورد وەك( گەل، خاك، زمان) دەکات، لێکۆڵینەوەکەش جیاکارییەك لەمەڕ قۆناغەکانی مێژووی کورد بەر لە ئیسلام و دوای ئیسلام و سەدەی نۆزدەم تا پەیمانی سیڤەر ئەکات. هەروەها لە سێ بەشی جیا لە مێژووی شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردان لە( رۆژهەلآت، باکوور، باشوور) دەدوێت. بەلای منەوە کتێبەکە بایەخێکی مێژوویی هەیە و لە چەندین رووەوە پشت بە کۆمەڵێك بەڵگە دەبەستێ.

*** دلێر برایم، قوتابی زانکۆ:**

_ دوا کتێب کە خوێندمەوە، کتێبی(مێژووی مۆسیقای کوردی)ی (حەمەی حەمە باقی) بوو، کە لە نێوەڕۆکی کتێبەکەیدا بابەتێکی گرنگی سەبارەت مێژووی مۆسیقای کوردی وروژاندووە. نووسەر دەڵێت: کورد دەمێکە مۆسیقای هەیە، بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان کوردستان بە کۆنترین ناوچەی خۆرهەلآتی ناوەڕاست دەژمێردرێت، کە خاوەن مۆسیقایەکی خۆڕسکە، بەلآم بەهۆی ژێردەستەیی ولآتەکەی مۆسیقای کوردی بۆتە بەرهەمی گەلانی تر. هەروەها نووسەر سەرچاوەی مۆسیقای کوردی بۆ زەردەشتییەکان و دواتریش ئەهلی هەق دەگەڕێنێتەوە.

*** فارس لەتیف، قوتابی کۆلیژی پەروەردەی سۆران:**

_ ( ئارییەکان و مادەکان) دواین کتێب بوو کە خوێندمەوە، ئەم کتێبە( دکتۆر ئەردەشێر خودادیان) بەزمانی فارسی نووسیوویەتی و (عەلا نوری بابە عەلی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەی سەرنجی راکێشام ئەو پەرەگرافە بوو، کە باس لە چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەتی ماددەکان دەکات و کەسایەتی دیاکۆ کە هیرۆدۆت بە دیاکۆس ناوی بردووە، بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ماد دادەنێت، رۆڵی ئەو سەرکردەیە لە یەك گرتنەوەی هەموو ئەو هۆزە ناکۆکانەی، کە دەوڵەتی میدی لێپێکهاتووە بەرز دەنرخێنێت. لە هەمانکاتیشدا عەدالەت و لە کارزانی دیاکۆس لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی میدی بە تێروتەسەلی باسدەکا و بە مرۆڤ و سەرکردەیەکی کارامەی دەناسێنێت.

# فیلم و بینەر

**سینەما** کە بە هونەری حەوتەمیش ناوەزەد دەکرێ، ئەو هونەرە مەزنەیە کە دەتوانێت گەورەترین رووداوو چیرۆک و بەسەرهات لە زەمەنە جیاوازەکان بە ماوەیەکی دیاری کراو بخاتە بەر بینین.. ئەمە چجای ئەوەی کە رێگایەکە بۆ پیشەسازی و بە گرتەکانی دونیای سەرسام کردووە.. بۆیەش گوتراوە یەکێك لە کۆڵەگە گەورەکانی شارستانی سینەمایە.
ئێمە لێرە هەرجارێ رووی بۆچوون دەدەینە کۆمەڵێك بینەری فیلم و دراماو سینەما، ئاخۆ لەو مانگەدا کامە فیلم لە کۆی ئەو فیلمانەی، کە بینیویانە وەك باشترین فیلم هەڵدەبژێرن و بە کام ئەکتەرو گرتە سەرسام دەبن؟

بەلای (یوسف محەمەد)ەوە (ڤۆدگا لیمۆن) ی (هونەر سەلیم)، یەکێکە لەو فیلمە جوانانەی کە کورد لەو چەند ساڵە بەرهەمی هێناوە.. رەنگە ئەو فیلمە لەسەر ئاستی دونیاو رەگەزەکانی سینەما تەواو کامڵ نەبووبێت، بەڵام لە رووی چیرۆك و وێنەگرتن و ئێکسسوارەو کارێکی فرە دەوڵەمەندە.. بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە هێندێك موفرەداتی وەك کورسی و مێز یاخیانە دێنە سەر جادەو، خاڵی سەرنجی فیلمەکەش ئەو کورەیە کە نامە بۆ باوکی لە هەندەرانەوە دەنێرێت.

بەلای (رێباز مستەفا) سێ بەشەکەی (ماتریکس) لە رووی مۆنتاژو وێنە و زەمەنی رووداوەوە کارێکی پڕ داهێنانەو پێی وایە دەبێت هەموو ئەوانەی کە کار لە نێو سینەما دەکەن بیبین. چونکە دەڵێت " هەست ئەکەم ئەو فیلمە هێندەی شەرە لەنێو زەمەن کە بە تەکنیکی کامێراو مۆنتاژەوە بەرهەم هاتووە، هێندە فیلمێکی خەیاڵی نییە".

(هەژار مەحمود)یش کە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە. (زۆربا) بە جوانترین ئەو فیلمانە دەژمێرێ کە لە ژیانیدا بینیویەتی. ئەو دەڵێت "من گەلێك سەیری سینەماو دونیای فیلم ئەکەم، بەڵام تا ئێستا هیچ فیلمێك بەقەد ئەو فیلمە سەرنجی رانەکێشاوم، هەرچەندە ئەو فیلمە لە رووی زەمەنەوە فیلمێکی کۆنی رەش و سپییەو لە رووی تەکنیکیشەوە گەلێك سادەیە، بەڵام کاتێك (ئەنتۆنیۆ کوین) دەبینین رۆڵی زۆربا دەبینێت، هەست ئەکەین بە راستی واین لە نێو رۆمانەکەی _نیکۆس کازانزاکی_ کە رۆمانی زۆربای نووسیوە".

بەلای (شیلان رواندزی)شەوە ، (ئەفسانەی 1900) کە (تۆم روز) رۆڵی تێدا دەبینێت، فیلمێکی پڕ ماناو کاریگەرە، ئەو کاریگەریەکەشی بۆ ئەوە گەراندەوە کە (تۆم روز) توانیویەتی پراوپڕ کەسایەتی ئەو هونەرمەندە پیانۆژەنە بەرجەستە بکات کە لە نێو کەشتیەك لە دایك دەبێت و تا دەشمرێ لە نێو ئەو کەشتیە دانابەزێ، لە کاتێکدا ئەو کەشتیە بار هەڵگرە تا جەنگی جیهانی دووەم تەواو دەبێت بەردەوام لە دەریاچەی ئەتلەسی لە نێوان بەریتانیاو ئەمەریکا هاتووچۆ دەکات، جگە لەمەش دەرهێنەری فیلمەکە بە سەرکەوتوویی توانیویەتی بینەر ناچار بکا بە دوای رووداوەکان بگەرێت و لە بینینی فیلمەکە بێتاقەت نەبێت.



# نامه

به مەبەستی گەیاندنی پەیامی کەسێك بۆ یەکێکی تر..یان درکاندنی نهێنی و هەقیقەت و رووی پرسیارو بابەت گەلی پەیوەندار لەنێوان دووکەس،(کۆوار) هەرجارێ( نامه، یان پتر له نامه )یەك بلاۆدەکاتەوە.. هەر لێرەشەوە ئاگاداری خوێنەران دەکەینەوە، کە دەتوانن بەناردنی نامەکانیان (ئینجا هەرکەسێکیان مەبەست بێ بۆی بنێرن ) بەشداری لەم گۆشەیەدا بکەن.

## خەمی هەمووان

کە ژمارە(4)ی کۆوارم خوێندەوە، ناوەڕۆکە بەپێزەکەی وایلێکردم بەم چەند دێڕە سەرنجەکانم بۆ لاپەڕەی نامە بنووسم، خۆشحاڵدەبم ئەگەر ستافی( کۆوار) وەك خۆی بلاۆی بکاتەوە. وەك قوتابییەکی زانکۆ دڵم بەوە خۆشە کە دەبینم لە شارەکەم گۆڤاری جوانکیلەی (کۆوار) و هەروەها هەفتەنامەی پڕ هەواڵ و دەنگ وباسی (زاری کرمانجی) بلاۆدەبنەوە.

من ئەو دوو بلاۆ کراوەیە و کەناڵەکانی دیکەی دەزگای زاری کرمانجی و کۆلیژی پەروەردە و هەردوو پەیمانگاکەی سۆران، بە دەسکەوتێکی گرنگ بۆ سۆران و سەرەتایەکی تازەی بە شار بوونی ئەم دەڤەرە دەزانم. نەخشەبێ لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و زانکۆیەکی پێشکە وتوو.

ئەوەی هانی دام ئەم نامەیە بنووسم، هەمە رەنگی و پڕناوەڕۆکی گۆڤارەکەیە، ئەگەرچی تازەیە، بەلاّم وەك دەبینرێت خەمی تێکڕای چین و توێژەکانی لەکۆڵ ناوە. من بڕگەکانی( گرفتی من، چوار پرسیار و چوار وەلاّم) بە دوو دیاری بەنرخی گۆڤار دەزانم.

کاتێك (کۆوار) دوو لە لاپەڕەکانیشی بۆ کچە عاشقێکی ولاّتی من تەرخاندەکات، دەبێتە پەنجەرەیەکی پڕ هیواو روانین، دەبێتە ئاوێنەی گێڕانەوەی ڕابردوویەکی سەرشێت، داوای بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەریش بۆ گرفتی ئەو ئافرەتە، کارێکی مرۆڤانە و ژیاندۆستانەیە. داواش لە ستاڤی ئەو گۆڤارە دەکەین، بایەخی زیاتر بە ریپۆرتاژ و بابەتی رەنگاو رەنگ بدات، ئەگەر لە دوا وێستگەی گۆڤارەکەش چەند لاپەڕەیەك بۆ زاخاوی مێشك و پرسیار و وەلاّم و مەتەڵ و وشەی یەکتر بڕ تەرخان بکات، کارێکی چاکتر دەکات..

**ئاواز جەرجیس ئەحمەد**

## با (کۆوار) کۆی مەعریفەش بێت!
## رەخنەیەك لەژمارە ( 4 )ی گۆڤاری کۆوار

**کارزان محەمەد**

دەرکردنی گۆڤاری (کۆوار) لەلایەن دەزگای (زاری کرمانجی)یەوە لەپێناو خزمەتکردن بەبوارە مەعریفییەکانی دەڤەری سۆران، هەنگاوێکی شایستەیە بۆ پەرەدان بەهەموو توانستە نوێیەکانی ئەو ناوچەیە و دەتوانێ ببێتە دەروازەیەك بەڕووی مەعریفەدا بۆ خوێنەرانی.

بەلاّم شایستە بوونی ئەم هەنگاوەش، لەگەڵ لایەنە پۆزەتیڤەکانیدا بەدەر نییە لەچەند کەموکوڕیەك، کە بەئومێدم لەگەڵ چاپی هەر ژمارەیەکی نوێدا، بگاتە کەمترین ڕێژەی خۆی.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەم گۆشەیەکی ژمارە (4)ی گۆڤاری کۆوارە لەژێرناوی (کتێب و خوێنەر)دا، لەم گۆشەیەدا یەکەمین بەشداربوو کە ناوی (ئازار حەمەد) و (فێرخوازی زانکۆ)یە، بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی بەندەی دەستنیشان کردووە، کە دوا کتێبە خوێندویەتییەوەو سەرنجی ڕاکێشاوە، بەلاّم جێگەی داخە دوو هەڵەی مەزنی تیادایە:

– کتێبەکە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوە، نەك ئینگلیزی.
– وەرگێرەکەی ناوی (کارزان محەمەد)ە نەك (کارزان عەلی).

هەرچەندە گازاندەم لە خوێنەرە ئازیزەکەی نییە، هێندەی ئەوەی کە ئەو ڕاستییە سەرنجی ڕاکێشام بۆ دەبێ بەرپرسی گۆشەکە زانیارییەکی کەمی لەبارەی ئەو کتێبەوە نەبووە، کە سەرەڕای ئەوەی دووجار چاپ کراوە، پێشتر سەرجەم فەسڵەکانی لە گۆڤارەکانی کوردستاندا بلاّوکراوەتەوە.

ئەم ڕوونکردنەوەیەشم تەنها راستکردنەوەی تۆمارێکە و هیچیتر، دەستانخۆش بۆ گۆڤارە جوانەکەتان و خوێنەرە جدیەکانی کتێبخانەی کوردیش.

Karzan981@yahoo.com

تێبینی/ ئەو هەڵەیەی کە بەرێز کارزان محەمەد، لەو نووسینەدا باسی دەکات، پەیوەندی بە ستافی کۆوارەوە نیە، بەڵکو کۆوار وەك ئاوێنەیەك رای خوێنەرێکی گواستۆتەوەو هەڵەی ناوی وەرگێڕ و زمانی وەرگێڕان پەیوەندی بە هەڵەی راکەوە هەیە. لەگەڵ داوای لێبوردنمان بۆ وەرگێری کتێبەکە و خوێنەرانی بە رێز.

کۆوار

# نامە

## نامەیەکی کراوە بۆ سەنتەر و ڕێکخراوەکانی ژنان
## بێ دەنگی ئێوە، قوربانی ئەدییەکان

**ڕێزم** هەیە بۆ هەوڵ و کۆششەکانتان، بەگەرمی دەستی هەموو ئەو هەڵسوڕاو ئەندام و لایەنگرانتان دەگوشم، کە بە ئامانجی خزمەتکردنی ڕەوشی ژنان کاردەکان.

هیوادارم ئەم نامەیەم، کە لەنیەت پاکیمەوەیە، بەسنگ فراوانییەوە قبوڵبکەن، کە تەنها مەبەستم ڕاستکردنەوەی هەڵەکانتانە و ئاماژەکردنێکی بچکۆڵانەشە بە وەزعی ئێستای ئافرەتی کورد لە سایەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان.

خوشکانی هێژام لە ڕێکخراو و یەکێتی و سەنتەرەکانی ژنان و ئافرەتان:

پرسیاری من ئەوەیە، بۆچی ئێوە وەزیفەی سەرەکیتان، یان بە واتایەکی تر شتە جەوهەرییەکانتان ونکردووە و بە دوای شتی لاوەکی و ڕووکەشانەدا دەگەڕێن، هەنگاوەکانتان پتر هەنگاوی حزبیانە و نامەدەنیانەن، نەوەك هەنگاوی دامەزراوەیی و سەردەمیانە.

من وەك ژنێکی کورد زۆرجار کە سەیری مامەڵە و کارو چالاکییەکانتان دەکەم، بەخۆم نییە، خەمێکی گەورە دامدەگرێ و لەبەرامبەر بزوتنەوەی ژنان لەو وڵاتە تەواو بێ ئومێد دەبم. ئێستا گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی ئێوە خاوەن پڕۆژە و بەرنامەیەك نین و لەدەوری شتی دووبارە و بێ مانا دەسوڕێنەوە. هەر خەریکی زیندووکردنەوەی یاد و یادەوەرییەکان و بە کارێك خەریکن لەبەرژەوەندی ئێوە و ڕێکخراوەکانتاندانیە و ناشیرینتان دەکات.

خوشکانم بمبوورن، کە پێتان دەڵێم ئەو نەهجەی گرتووتانە بەر هەڵەیە وخزمەت بە ڕەوشی ژنان ناکات و لە سەنگ و بەهاتان کەمدەکاتەوە.

پێویستە ئێوە ببنە هێزێکی کاریگەری نێو کۆمەڵگا و فشاری زۆر بخەنە سەر دەسەڵاتی پیاوسالاری و لە هەوڵی لادانی تێڕوانینی سەقەت بەرامبەر ژنان دابن، تێڕوانینێك تا ئێستا پێی وایە دەبێ ژن پاشکۆ و کۆیلە بێت. ئەوەتا هەموو ڕۆژێ بە عەقلیەتی دواکەوتووانە، چەندین ئەدیبە لە لایەن مێرد و پیاوەکانیان ئازاردەدرێن و دەکوژرێن، دەردەکرێن و کەرامەتیان دەشکێنرێت، ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵی خۆکوشتن و خۆسوتاندنی ژنان دەبین، کەچی ئێوە کەمترین دەنگ و هەڵوێستتان نیە، فشاری مێرد و دەوروبەر بۆ سەر ئافرەتان لە ئاستێکی هێندە ناشارستانی دایە، پێویستی بە هەڵمەتێکی فراوانی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ و دەنگی پڕ لە جورئەتی ئێوە هەیە. دیاردەکان زۆرن، گرفتە پەیوەندارەکانی نێوخێزان ئاستێکی ترسناکیان وەرگرتووە، ئەمەش پێویستی بە پلان و کاری هاوبەش و لە سەرویانەوە دەنگی ئازایانەی ژنان، کە لەو نیوەدا قوربانی یەکەمن هەیە.

بەڕێزان: بێ بەرنامەی و نەبوونی ستراتیژیەتی کاری ڕێکخراوەیی ئێوە، باوەڕی ئافرەتانی بۆ نەهێشتوونەتەوە، متمانەتان لە دەست داوە، هیچ ئافرەتیك سەنتەرەکانی ئێوە بە هیی خۆی نازانێ، هەموو لایەك دەزانێ سەنگ و ماهیەتتان چەندە، ئیدی تکایە.. تکایە، خۆتان بگۆڕن. یان سیستەمی کارو بێ دەنگیتان وەلابنێن و بەزمان و فیکر و کەرستەیەکی تر وەرنە مەیدان، یا دەرگای ڕێکخراوەکانتان داخەن.

هەرچەند زۆر درەنگە، بەڵام ئەشێ ئیستاش بەئاگابێنە و هەناسە و ئومێد بۆ هەزاران ژنی ماندوو و غەدرلێکراوی دەستی پیاو و کۆمەڵگا بگەڕێنەوە.. بێگومان ئەوسا من و هەزارانی وەك منیش ڕێکخراوەکانتان بە ڕێکخراو و ماڵی دووەمی خۆی دەزانێ و پێتان دەڵێت دەستان خۆش و تەقدیر و خۆشەویستیش بۆ خەباتتان دادەنێت.

لەگەڵ هەموو ئەو تێبینیانەشدا دووبارە ڕێزی بێ سنوورم بۆ هەمووتان هەیە و داواکارم ئەم نامەیەشم بەگیانێکی مەدەنیانە لێوەربگرن.

**بنار ئەسعەد غەفوور**
bnar_2000@yahoo

# میکـــائیـــل:
# شتێك كە شانازی پێوەدەكەم و لێی پەشیمان نیم پێشمەرگایەتییە



**ویـڕای** ئـەوەی میـكـائیلی هونەرمەنـد، خـاوەن سـتایلێكی تاییـەت بـەدەنگی خۆیـەتی، لـە نێـو خـەڵكی بـەوە ناسـراوە كـە كەسایەتییە تایبەتییەكەی خۆی تەرجەمەی نێو گۆرانی و كارە هونەرییـەكانی كـردووە. وەك لـە زۆربـەی هەڤپەیڤینەكانییـشیدا بەدیاردەكەوێ، خاوەن رۆحێكی مـەزنی كوردایەتییـە، هەرچەنـد میكائیـل لـە هەنـدەران دەژییـت، وەڵێ پەیوەندییـەكی رۆحـی بـە وڵاتەكەی ئەیبەستێتەوە.

**سەعدوڵلا عەبدوڵلا/ بروكسل**

*** هەڵبژاردنی ناوی میكائیل لە چییەوە هاتووە؟**

–ئـەم نـاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ كـاتیٚ، كـە جولەكـەكان لـە كوردسـتان دەژیـان، مهابـادیش كـە مـن لـەدایك بـووی ئـەوێم، جـەماوەرێكی زۆری جولەكەی تێدابوو، بەو پێیەی من لەوێ لەدایك بووم باوكم ئەم ناوەی لێ ناوم.

***یەكـەم جار كە ئاشنای گۆرانی وتـن بـووی، لـە تەمـەنی چـەند ساڵی دابووی؟**

–تەمەنم 8–9 ساڵە بوو، ئاشنای دەنگی مامۆستا تایەر تۆفیق بـووم، تایـەر تۆفیـق ئـەو كـات گـۆرانی نیـشتمانی و مـەقاماتی دەگـوت. لـە كاتێكـدا ئـەم گـۆرانی و مەقاماتانـەی دەگـوت لـە كوردسـتانی ئێـران خـەڵك لەسـەر گۆرانیـەك یـان سـروودێكی نیـشتمانی دەگـیرا و هـیچ كـەس نەیـدەتوانی تەنانـەت لـە مـاڵی خۆشیدا قسەیەك لـەبارەی كورد و دۆزەكـەی بكات. بێگومان من لە رێگای هونەرمەند جەمال موفتی بە تایەر تۆفیق ئاشنابووم و گۆرانیەكانم نووسیەوە و دەمگوتەوە.

خۆشترین مـەقامی مامۆستا (تایـەر تۆفیق)، (قـەلبی مـن)بوو، كـە زۆر كاریگـەری لەسـەر مـن هـەبوو ئـەو كـات و تەنانـەت ئێـستاشی لەگەڵ بێت سەراپای لەشم موچركی پێدادێت.

***هونەرمەنـد میكائیـل سـەرەتای یـاخود بڵـێین یەكـەم گـۆرانی لـە چ شاشەیەك یاخود شانۆیەك پێشكەش كرد؟**

–لـە ئێـران دەزگایـەك هـەبوو بـەناوی (فەرهـەنگ و هونـەر) لـەوێ لەگـەڵ (عـەزیزی شـارۆخی) ئاشـنابووم، كـە لـەوێ كارمەنـد بـوو كـاری دەكـرد، ساڵانە گەشتمان دەكرد بۆ شارە جیاجیاكان، جا چ فارسنشین یاخود كوردنـشین، پرۆگرامـی جۆراوجۆرمـان رێكدەخـست و لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆنی مهاباد پـەخش دەكـرا، بـەڵام لـەم گەشـتانە مـەلا حوسـێن و چەند هاوڕێیەكی ترمان لەگەڵ بوون.

***پێشوازی خەڵك لە میكائیل و هاوكاری چۆن بوو؟**

دیاره ئـەوكات تەلـەفزیۆن و ئـەو ئیـدارەی فەرهـەنگ و هونـەر، دەستیان بەسەرمندا گرتبوو. هەرچـەندە هـەردوو رێكخـراو دەوڵـەتی بـوون، بـەڵام پێیان خۆش نەبوو من بچمە تەلـەفزیۆن، بـەڵام هـەروەكو وتم هونەرمەنـد عەزیز شارۆخی و برادەران زۆر هاوكاریان دەكردم و توانیم دوو گۆرانی تۆمار بكەم، پێشوازی خەڵك بۆ من و گۆرانیەكانم لە ڕادەبەدەر بوو.

ئەو دوو گۆرانیەش، بەستەكانی تایـەر تۆفیـق، (نەجیبـە) و یـەكێكی تـر بوون، كە یەكەم جار توانیم تۆماریان بكەم. دەسپێكی گۆرانی گوتنم لـە شاری سابلاغ بوو، لە سالۆنی ماڵە جوانان لەو شارە.

***یەكەم كەس لە گۆرانی بێژان، كە وێنەت لەگەڵ گرتبێت؟**

–هـەروەكو وتم هونەرمەنـد عـەزیز شـارۆخی و ئەحمـەد ئیـسلاح و كـاك قادر زۆر هاوكارم بوون، دەبێ یەكەم وێنەشم بگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان.

*** بەشیعری كام شاعیر سەرسامی؟**

–هـەر شیعرەی تـام و چێـژی خـۆی هەیـە، مـن لـە سـەدا نـەوەتی هـەموو شـیعری شـاعیرانم لا خۆشـە، بـەڵام زیـاتر كاریگـەری یـاخود بڵـێین

## (قەلبی من)ی تایەر تۆفیق، كاریگەری زۆری لەسەر من هەبووە، ئێستاش كە گوێبیستی دەبم سەراپای لەشم موچركی پێدادێ.



سەرسامم بە شیعرەکانی (هێمن) و لە گۆرانیەکانیشم کەڵکم لێ وەرگرتوون و گۆرانی و بەستە و مەقامی خۆم لێبەرهەم هێناون، شیعرەکانی هێمن بەمانای وشە شیعرن، چونکە نیشتمانی و دڵداری تێکەڵاوی یەکتر کردوون.

***بابزانین هونەرمەند میکائیل چەند منالی هەیە؟**

–دوو منداڵ (کەوین و کۆڤان).

***رەفتاری میکائیل لەگەڵ منداڵەکانی چۆنە؟**

–ئێمە وەك دۆست وهاوڕێین، وەك باوك و منداڵ نین.

***ئایا پەیدابوونی منداڵ، لە هونەر ساردی نەکردیەوە، یاخود هانی دای؟**

–خۆشەویستیی منداڵ ئەشق و ئەوینێکی زۆر گەورەیە، بەهیچ شێوەیەك ناشاردرێتەوە، هونەر و گۆرانیش شتێکە هیچ شتێك ناتوانێت بیرم باتەوە. نەبوونی هەریەك لەمانە کەم و کورتیەکی گەورەم لا دروست دەکات و توانیومە هاوسەنگی نێوان هەردووکیان ڕابگرم.

***ئایا زەماوەندی هاوسەربوونت لە کوێ بوو؟**

–زەماوەندی بە هاوسەربوونم لە دەرەوە بوو، بەڵام بەبێ ئاهەنگ.

*** هیچ کات لەخۆشیان گریاوی؟**

–نەخێر.

***ئەی لە ناخۆشیان؟**

– لە ناخۆشیان زۆر گریاوم، لەم بەشەی تێر بوومە.

***میکائیل لە چ شتێك پەشیمانە؟**

–زۆر شت لە ژیانی مرۆڤ تابڵێی پەشیمانییە، بەڵام من شتێك کە لێی پەشیمان نەبم ئەو ماوەیە، کە پێشمەرگە بووم، کە زۆر شانازی پێوە دەکەم ئەگینا لە زۆر شت پەشیمانم.

***ئاخۆ خۆشترین خواردن لای میکائیل لە رۆژئاوایی و کوردەوارییەکان چ خواردنێکە؟**

–رۆژئاوایی خواردنیان زۆرە و هەموویان خۆشن، بەڵام (دۆڵمەی گەڵای مێو) تام چێژێکی زۆری هەیە.

***خۆشترین خواردن، کە خۆت دروستی بکەیت، حەزدەکەی لەگەڵ کێ بیخۆیت؟**

–خۆشترین خواردن خۆشە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆت بیخۆی.

***تا چ رادەیەك هەست دەکەی ناسراوی؟**

–لەلای من ناسراوی زۆر گرنگ نیە. ئەمڕۆکە کورد گەیشتۆتە ڕادەیەك، کە میدیای کوردی زۆر بەهێزە، بەبینراو و بیستراو و خوێندراوەوە، هەموو کەسێك ئەتوانێت خۆی بناسێنێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لای خەڵك خۆشەویست بێت، من تەنیا دەمەوێت لەگەڵ خەڵکەکەم راستگۆبم و لافیان لەسەر لێ نەدەم، گرنگ ئەوەیە بتوانی خزمەتی گەلەکەت بکەیت.

***چۆن دەڕوانیە کەناڵەکانی راگەیاندن؟**

– بێگومان یەکەم کەناڵی کوردی کە شۆڕشی رۆشنبیریی دەستپێکرد ناوی (میدیا تیڤی)بوو، دواتر (کوردستان تیڤی) و کوردسات و رۆژهەڵات تیڤی، کە هەموویان ئەرکیان کێشاوە و خزمەتیان کردووە. ئەرك و خەباتی ئەوانیش چی لە شۆڕشی چەکداری کورد کەمتر نەبووە.

***بە چ گۆرانیبێژێکی ئێستا سەرسامی، لە زیندووەکان؟**

–زۆرن کە من زۆریانم پێ باشن، لەوانەش بەهجەت یەحیا و ناسری رەزازی و نەجمەی غولامی و زۆری دیکە.

***حەیران هەروەك لە باشوور هەیە، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەیە خۆت حەیران دەزانی؟**

–نەخێر خۆم لە قەرەی حەیران نەداوە و شارەزایم نییە.

***حەز لە کام وەرزی ساڵ دەکەی؟**

–بەهار.

***یەکەم کاسێت کە بڵاوت کردەوە؟**

–یەکەم کاسێتم بە ئۆرجیناڵ لە ئەوروپا ناردەوە، لە دەوری ساڵانی 1993 و 1992 بەناوی (سڵاو) بوو.

***ئەی دوا کاسێت؟**

–دوا کاسێت 6–7 ساڵە خەریکم، ئەویش دواکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاك (کاوە) کە 3–4 گۆرانی هی ئەوە و ئەو دوای خستووە، هیوادارم کە زوو دەربچێت.

***بە بۆچوونی میکائیل ئاستی رۆشنبیری تا چەند بۆ هونەرمەند پێویستە؟**

–سەد دەرسەد هونەرمەند دەبێت رادەی رۆشنبیری بەهێز بێت، چونکە رۆشنبیریە وای لێدەکات هەوڵی داهێنان بدات و خۆی لە قاڵبی تەقلید (لاسایی کردنەوە) دوورخاتەوە.

# شیرین جیهانی:
# لە منداڵیەوە بینەرێکی باش بووم و بەدوای چیرۆکی فیلمەکاندا دەگەڕام



**شـیرین** جیهانی لـە بـواری سینەمادا خەونی خۆی هەیە، خۆی وتەنی گەرەکیەتی لەکارە هونەرییەکانیدا تایبەتمەندیەتی خۆی بپارێزێ و ڕێـچکەیەکی تـازە بگرێتـە بـەر، بـەلای ئـەوەوە کـارکردن لـە سـینەما، کـە مامەڵەکردنە لەگەڵ جوڵە و دەنگ و ڕووناکی و کامێرا هێندە ئاسان نیە، وەلێ گەرەکیـەتی بتـوانێ کـاری شایـستە بەرهـەمبهێنێ و کارەسـات و مەینەتییـەکانی میللەتەکـەی لەچوارچێوەی سینەما تەوزیف بکات.

محەمەد مێرگەسۆری

*** دەکرێ پێمان بڵێیت شیرین جیهانی کێیە؟**

–مـن شیرین عـەلی جیهـانی لـە دایـك بـووی 1980ی شاری مهابادم، لە تـەمنی 5 سـاڵان دابووم، کە باوکم بە هـۆی خـەبات و شـۆڕش لەلایەن ڕژێمی ئێرانـەوە لـە سێدارەدرا، من و خوشـك و بـرام ئـاوارە بـووین، بـۆ مـاوەی ساڵێك دوای گیران و زیندانی کردنی دایکم گەڕاینـەوە سـەر مـاڵ و ژیـانی خۆمـان. دوای ئەوە منیش کە زانیم مانای کوردایەتی چییە خـەباتی فەرهـەنگییم هـەر لەوکاتـەوە دەسـت پێکـردووەو هـەتا ئێـستا کـە هاتوومەتـە کوردسـتانی ئـازاد و پـیرۆز بـەردەوامم و جولاْنەوە و هەوڵدانم بۆ کوردایەتی و زانست ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبێ.

***ئـەکرێ ئامـاژە بـەو بـوارە فەرهـەنگی و ئەدەبییانە بکەیت، کە کاری تێدا دەکەیت؟**

–هـەر لـە منداڵیـەوە بینـەرێکی بـەردەوامی فیلمە سینەمایەکان بووم و خولیایـەکی زۆرم بـۆ چیرۆك و فۆلکلـۆری کـوردی هـەبوو، هـەر لەوێـشەوە شـارەزاییم لـە زمـانی کـوردی پەیـداکرد، (خوێنـدن لـە ئێـران بـە زمـانی فارسییە) و لـە تەمـەنی 16 ساڵی، بـووم بـە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری مهابـاد. خوێنـدنم تـا پلـەی کـارزانی هـەر لـە زانکـۆی مهابـاد تـەواوکردووە و لـە سـاڵی 2002 یەکـەم پـەرتووکی شـیعریم بـەناوی (سـەما لـەناو ئاگردا) بە چاپ گەیاند. جگـە لەمە نزیکەی 7 ساڵە بەکاری وێنـەی (فیلمی دیکۆمێنتـاری و کورتـە فـیلم و فیلمـی سـینەمایی) خـەریکی خزمـەت و خـەباتی فەرهـەنگیم. هـەروەها زۆربـەی ئـەو فیلمانـەی کە تا ئێستا کارم تیایانداکردووە، لە سیناریۆ و چـیرۆکی خـۆمن، کـاتی زۆر بـۆ نووسـینیان تەرخاندەکـەم. لـەکارە دیکۆمێنتاریـەکانم تائێستا 21 زنجیرەی دیکیۆمێنتاری مێژوویی لـە سـەتەلایتی کوردسـتان دابـەزیووە، لەوانـە ژیاننامـەی سـێ شـاعیری کـوردی ڕۆژهـەلاْت، ئـەوانیش (خـاتوو ژیـلا حوسـەینی و سـوارە ئیلخـانزادە و خاڵـەمینی بـەرزنجی)، دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کە ماوەی سـاڵێکی خایانـد، بـە سـێ ئەڵقـە فیلمـی دیکۆمێنتـاریم وێنـە گرتـووە. هـەر لـە درێـژەی کـارە دیکیۆمێنتیـەکانم ئێـستا خـەریکی (یاوەران)م، کە ئەڵقەی یەکەمی ئێستا ئامادەیە، لـە دەرهێنـانی مـن وئامـادەکردنی (عیـسا مێرگەسـۆری)یـە و بـاس لـە هـەڤاڵانی بـارزانی نـەمر دەکـات. لـەم ماوەیـەدا، کورتـە فیلمـێکم بەناوی (تارمایی) بەشداری فیستیڤاڵی فیلمی ژنان لـە فەرەنسا دەکات. دواتـر کورتـە فیلمـی (دۆت و نـەگریس)، دۆت بـاس لـە کێـشە و ئەویـنداری کـچێکی لادێـی دەکـات. ئێـستاش هـەروەك دەزانـن خـەریکی وێنـەگرتنی فیلمـی (ئەستێرەکان بـەڕۆژ بـێ ڕەنگن) لـە کوردستان کۆتایی پێهات و تەنیا سکانسێکی ماوە، کە لە میسر وێنـەی دەگیرێـت و ئامادەیـە بـۆ مۆنتـاژ، ئـەم فیلمـە بـە کـامێرای 35ملـم وێنـەیی دەگیرێـت و سـتافێکی زۆر پڕۆفیـشناڵ کاری تێدادەکەن.

***چۆن بوو خۆت لە بواری دەرهێنانی سینەمایی بینیەوە؟**

– وەك پێـشتر باسـم کـرد، لـە منداڵیـەوە بینـەرێکی باشـی فیلمـەکان بـووم و زۆر بـەدوای چـیرۆکی فیلمەکانـدا دەچـووم، کاتی خۆم دەستم بە نووسین کرد و زۆر گوێگرتن لـە چیرۆکە کۆنـەکان، تـەواوی ئـارەزووم ئـەوەبوو بتـوانم بەوێنـە ئـەو چـیرۆکانە ببینـم، یـان خـەڵکی تـریش بیانببینێ، ئەو جوانییانەی لە سروشتی کوردسـتان و کولتـوری کـوردان پێـشان بـدرێن، لـە کورتـە فـیلم و فیلمـی دیکۆمێنتـار دەسـتم پێکـرد تـا فیلمـی سینەمایی، بۆ وێنـە لام گـرنگ بـوو لـە فیلمێکـدا خـەڵك ژیـانی شـاعیری کۆچـکردوو (ژیـلا حوسـەینی)، کـە دوو پـەرتووکی شیعری هـەیە ببینن. ئـەوەی ڕاست بێت ڕەنگدانەوەی وێنە لە قەڵەم، یـان ئـەو کاریگـەری کـە وێنـە (فـیلم) لەسـەر بینـەر دەبێـت، لـە ڕووی

جەماوەرەوە بەتایبەتی لە دونیای ئەمڕۆدا زۆرترە لە نوسین، کاتێ تۆ بابەتێك لە رۆژنامەدا لەسەر کێشەیەك دەنووسی، یان تۆ ئەو کێشەیە بەوێنە بگری و لە قاڵبی فیلم پێشانی بدەی، فیلمەکە (ئەگەر لەسەر بنەمای ستاندارد وێنەکانی تیابکەی) رەنگدانەوەی زۆرترە.

هەربۆیە من بۆ ئامانجێکی زۆر گەورە، کە بچمە ناو دونیای وێنە و تەواوی ژیانی خۆم بۆ تەرخانکرد و لە زۆربەی ئەو مافانەی کە مافی خۆم بوون چاوپۆشیم کرد و ژیانم بۆ خزمەتی کلتور و فەرهەنگی کوردی تەرخانکرد.

***چۆن دەڕوانییە ئافرەتی کورد؟**

– ئافرەتی کورد کۆمەڵێك پەپوولەی سپی بێ تاوانن، لە دونیایەك کە پڕە لە گوڵی دەستکرد (ناسروشتی)، کە نازانن و سەریان لێشێواوە لەسەر کام گوڵ بنیشن، بۆئەوەی بگەنە مافی خۆیان، کۆمەڵگا دەبێ کۆمەڵێك گوڵی سروشتی پەروەردە بکات، یان لانی کەم تۆوی ئەو گوڵە سروشتییانە بچێنن، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بە مافەکانی خۆیان بگەن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئافرەتەکان خۆیان یارمەتیدەری یەکتری بن. ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو قوربانی کراوە، قوربانی سوننەت و ئایین و هێزی داب ونەریتە نادروستەکانی کۆمەڵگا، لەهەر بوارێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و هونەری بۆشایی نەبوونی ئافرەت بەرچاوە و زۆر زەقە. هیوام وایە ئافرەتان بە هیممەتی خۆیان بتوانن ئەو بیرکردنەوە کۆن و تەعریب کراوە شۆڤینیانەی زۆرینەی پیاوانی کورد، کە ئەوانیش پێیان دا سەپاوە، بەڵام لە ناخیاندا ماوەتەوە لەنێو بەرن و کاڵی بکەنەوە.

***منداڵیت چۆن بەڕێکردووە و خولیای چی بووی؟**

– 5 ساڵان بووم لە ئاوارەیی دابووم، رژێمی ئێران باوکمی لەسەر خەبات و کوردایەتی دەستگیرکرد و لە سێدارەیدا. کە دەڵێم بیرەوەری منداڵیم لە تەمەنی 5 ساڵاندا، سەرەتای بیرەوەریەکانم هەر لەوکاتەوە بوو، کە ئاوارەی دێهاتەکان بووین و دوای نزیکەی ساڵێك دەربەدەریی، دایکم دەستگیرکرا و من و خوشکم کە ئەوکات هەر شیرەخۆر بوو، ماوەی 7 رۆژ لەگەڵ دایکم لە زیندان بووین و دواتر ئێمە بەرەڵاکراین و دایکمیان لە زیندان هێشتەوە.

هەر ئەو بیرەوەرییە تاڵانە هانیاندام ژیانم لەگەڵ خەڵکانی تر جیابکەمەوە. ئەمزانی مەرگی باوکی من جیاوازی هەیە لەگەڵ مەرگی خەڵکانی تر، منداڵ بووم، بەڵام درکم پێکرد دەبێ خەبات بکەم و چۆك دانەدەم، زۆرم دەخوێند و زۆر خۆم ماندوو دەکرد، تا ئەو رادەیەی کە شەوانە بە پەرتووکەوە دەنووستم، کە بەیانی وەخەبەر دەهاتم هێشتا قەڵەم و پەرتووك لەنێو جێگامدا بوون. بەڵام هیوام بڵندبوو، شتی هەرە گرنگ ئەو رۆڵە گرنگەی دایکمان بوو، کە وەك ئافرەتێکی بەهێز و توانا، توانی یارمەتیدەر و سەیوانی سەرسەرمان بێت و رێگای پێشان داین، کە من و خوشك و براکەم بێینە نێو کاری فەرهەنگی و سیاسی، خوشکم رۆژنامەنووسە و لە بەلژیك دەژی و براکەشم چیرۆکنووس و رۆمانووسێکی زۆرباشە، کە پەرتوکێکی لە نۆبەی لەچاپداندایە.

جێگەی خۆیەتی ئەگەر گۆڤاری (کۆوار) رێگام بدات لەو رێگەیەوە سوپاسی دایکم بکەم و بڵێم (دایە خۆشەویستیت بە هیچ وشەیەك لە شیعرا نایە).

***ئایا گەیشتوویتە ئەو قۆناغەی کە ئارەزووت بوو، یان هێشتا رێگات ماوە بیڕی؟**

– من تازە لە سەرەتای رێگام، رێگایەکی زۆرم ماوە بیبڕم، رێگایەك دەزانم پڕە لە هەوراز و نشێو، هەروەك دەزانن ژیان خۆی بەرزی و نزمی زۆرە، من زۆرم ماوە تا پوخت بم، لەناو هەزاران رێگەی ژیان من هونەرم هەڵبژاردووە و هێشتا رێبوارێکی تازەم و زۆرم ماوە، هەرچەندە قەت ناگەمە کۆتایی، هەروەك کەس نەگەیشتۆتە کۆتایی.

جانتاکەم پڕە لە تێکۆشان و پڕم لە ورەی بەرز و هەر هەنگاوێك زۆرتر بڕۆم، هەست دەکەم دەبێ زۆرتر بزانم، زۆرتر هەوڵ بدەم تا هەنگاوی دواتر پڕتر و بەهێزتر دەبێت.

***سەرکەوتن گەیشتنە بەخاڵی کۆتایی، یان بەردەوام بوونە؟**

– سەرکەوتن بەردەوام بوونە، بەداخەوە ئەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی لەبواری هونەردا کاردەکەن، کە کارێکی باشیان کردووە و کەمێك تێیدا سەرکەوتوو بوون، وابیردەکەنەوە دەبێ تا مردن میرات خۆری ئەو بەرهەمە بن، لە حاڵێکدا سەرکەوتن لەبەرهەمێك پاڵنەرە بۆ کارەکانی دواتر، واتە تۆ لە بەرهەمی دواتر دەبێ زۆر سەرکەوتووانەتر کاری بۆ بکەیت و سەرکەوتن هەوڵی رێگای سەرکەوتنێکی بەرهەمێکی باشترت بۆ خۆش دەکات.





***کێیە ئەو ئەکتەر و دەرهێنەرەی سینەما، کە کاریگەری لەسەرت هەبووە؟**

–ئەکتەرێك من زۆر سەرسامم پێی (مێل گیبسۆن)ە، بەتایبەتی لە فیلمی (قەدی دڵ) و دەرهێنەری رۆمانی پۆلانسکی بەتایبەتی لە فیلمی پیانسیت، زۆرم بەدڵە و زۆربەی دەرهێنەرە هۆلیۆدیەکان و ئەکتەرەکانی هۆلیۆدم خۆش دەوێت. لە دەرهێنەرە کوردەکان (مەحمەلباف)ەکانم خۆش دەوێن، لە رووی چیرۆکەوە هەرچەندە لەگەڵ ئەوەنیم کە ئێمە بۆ خۆنیشان دان لە فیستیڤاڵەکان یان خەلاّت وەرگرتن، فەرهەنگ و کولتوری خۆمان ناشیرین پێشان بدەین، یان هەندێك لەدابە کولتوریەکانمان، کە بەڕاستی ناشیرینن بۆ خاتری خەلاّتی فیستیڤاڵ زەقی بکەینەوە.

***لای تۆ مانای خۆشەویستی چی یە؟ ئایا خۆشەویستیت کردووە؟**

– چۆن مرۆڤ دەتوانێ خۆشەویستی نەکردبێ، کەسێ خۆشەویستی نەکردبێ ئەو کەسە ئاسایی نییە، چونکە خۆشەویستی هەموو هەست و عاتیفەیە، مرۆڤ بەبێ هەست و عاتیفە مرۆڤ نییە (واتە جیاوازی بەرد و دڵ لە چییدایە؟). راستە خۆشەویستی لەگەڵ عاشقبوون جیاوازە، مرۆڤ دەتوانێ عاشق یان ئەویندار نەبێ، بەلاّم ناتوانێ خۆشەویستی نەکردبێ. هەرچەندە ئێمەی نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی زۆر بەهەستین و ئەوینداریش لامان زۆر ئاسانە، چ بگاتە خۆشەویستی، هەر ئەو هەستە زۆر جار لە جێگەی عەقڵ و هۆشمان بڕیاری داوە و دواتر زەربەی ئەو کارەساتەمان خواردۆتەوە. بۆیە دەبێ زۆر بە وشیاری باسی عەشق یان ئەوینداری بکەین، بەلاّم خۆشەویستی زۆر پیرۆزە و هێندێ جار مرۆڤ ناچارە سنووری بۆ دابین بکات و ئەسپە گەردەن کەشەکەی ڕام بکات.

***لەناو رەنگەکان کام ڕەنگت پێ پەسەندە؟ بۆ؟**

رەنگەکانی ناو سروشت زۆر جوانن، بەتایبەتی رەنگەکانی ئالاّکەم ئالاّی کوردستان، کە هەر ئەو رەنگە بەرچاوانەی سروشتن، بەلاّم رەنگی سپی زۆر لام پیرۆزە، چونکە نیشانەی سافی و سادەیی و نیشانەی هێمای ئاشتی و برایەتی و پاکییە، ئەگەر بەدەست من با قەت نەمدەهێشت بخرێتە ژێر زەوی و حەرامم دەکرد، هەموو مرۆڤەکان لەسەر دونیا جلی سپی لەبەربکەن و هەموو بەیەکەوە دۆست و دڵپاك بن، رەنگی سپی بانگەوازی مرۆڤەکان دەکات بۆ ئاشتی و بەیەکەوە ژیان.

***ئایا پیاوەکان پێیان خۆشە ئافرەتان کاری گەورە بکەن، (ئەگەرنا) چۆن دەتوانن لەو بەربەستانە، کە پیاوەکان دروستی دەکەن دەربازبن؟**

– ئەوە راستییە، بەپێ خۆشبوون یان پێ ناخۆشبوونی پیاوان نییە، ئافرەت دەبێ ئەگەر بیەوێت بگاتە ئەو مافانەی کە بەدرێژایی مێژوو سیستمی پیاوسالاری یان دینسالاری لێیان سەندۆتەوە، وەریبگرنەوە، دەبێ خۆی هەوڵی بۆ بدات و تێکۆشانی بۆ بکات، تا خۆی هەوڵی بۆ نەدات، کەس ناڵێ فەرموو ئەوە حەقی خۆت. بۆیە ئافرەتی کورد دەبێ زۆر بە وشیاری و بە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە بێتە ناو پانتایی کۆمەڵگا و بەهەناسەیەکی درێژەوە بڵێت من هەم، کاتێ پشوو دەدەم، کاتێ کار دەکەم، کاتێ ژیان دەکەم، کەوایە من هەم کاتێ کە هەم، ژیانی خۆم مافی خۆمە و دەبێ خۆم بڕیاری ژیانی خۆم بدەم و بە دەست پڕی و جانتایەکی پڕ لە زانست و بە هەوڵ دان جێگەی راستەقینەی خۆی لە کۆمەڵگادا بدۆزێتەوە، ئەو هۆیەی کە نایهێڵێت بگاتە جێگەی خۆی چ پیاو بێت، چ کولتوورە ناشیرینەکان و داب ونەریتە پڕ لە هەڵەکان، خەباتی لە دژ بکات و بیروخێنێت.

## جەمیل حوسێن، سەرۆکی تیپی نارینی فۆلکلۆری و کەلەپوری کوردی:

# دەبێ پارێزگاری لە کەلەپور و دیلانی کوردی بکرێ و منداڵانی کوردی لەسەر رابهێندرێن

ئەنوەر هوستانی



جەمال حوسێن

**تیپی** نارینی فۆلکلۆری و کەلەپوری کوردی،بە ئامانجی پێشخستنی فۆلکلۆر و هونەری رەسەنی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان دامەزراوە، جەمیل حوسێن سەرۆکی تیپ رۆڵی تیپەکەیانی لەپێشخستنی هونەری رەسەنی کوردی بەرز نرخاند و پێی وایە، دەبێ پارێزگاری لە فۆلکلۆر و کەلەپور و مۆسیقا و دیلانی کوردی بکرێ و منداڵانی کوردی لەسەر رابهێندرێن، چونکە ئەگەر ئەم هونەرە رەسەنە فەرامۆش بکرێت، هێدی هێدی لە نێو دەچێت، هەربۆیەشە بەو ئامانجی تیپی نارینی دامەزراندووە. ئەو مێژووی ئەو تیپە بۆ ساڵی 1982 دەگەڕێنێتەوە، تیپەکەش لە بەشەکانی(هەڵپەڕکێی منداڵان، هەڵپەڕکێی گەورەکان، شانۆ، ستران) خۆی دەنوێنێ،

سەرۆکی تیپ ئاماژە بە کارە هونەرییەکانیان دەکات، کە بریتین لە سازدانی کۆنسێرت و ئاهەنگ و پێشکەشکردنی تابلۆی میللی و چالاکی شانۆیی.

ساڵانەش لە جەژنی نەورۆز و یادی لە دایکبوونی بارزانی نەمرو رۆژی رۆژنامەگەری و یادو بۆنە نەتەوەییەکانی دیکە،ئاهەنگ و یادەوەری مەزن سازدەکات و جەماوەرێکی زۆری کوردان لە چوارچێوەی چالاکییەکانیان کۆدەکاتەوە. سەبارەت بە پێویستیەکانی پاراستنی بەرهەمە رەسەنەکانیش وتی: زۆر پێویستە حکومەتی کوردستان لەڕێی دام و دەزگا رۆشنبیری و کولتورییەکانی کار لەسەر کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی بکات، هەوڵی زیندووکردنەوەی بەرهەمە دێرین و رەسەنەکان بدات، بەرهەمەکان بە شێوازی تازە تۆمار بکرێنەوە، دیلان و هونەری میللی بپارێزرێ، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش کورد خاوەن هونەرمەند و خەڵکی پسپۆرن، دەکرێ کاری وابکرێ و بۆ دواڕۆژی هونەری کوردی سودبەخش بێت.

جەمیل حوسێن، سەرۆکی تیپی نارین ئاماژەی بە دوایین پڕۆژە و چالاکییەکانی تیپەکەیان کرد، کە بەشداری کردن بوو لە فیستڤاڵی باشووری کوردستان بۆ کەلەپور و فۆلکلۆری کوردی، لەوێ ئەو تیپە بە کۆمەڵێك بەرهەمی رەسەن بەشداری کرد، لەم رووەشەوە سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی کەلەپوری کوردی دەکات، کە بانگهێشتی باشوری کوردستانیان کردوون. شایەنی باسە چەندین تیپی هونەری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لەو فیستیڤاڵە بەشداربوون، جەمیل حوسێن ئەم پێنگاڤەی بە دەسکەوتێکی گرنگ بۆ تیپە بەشداربووەکان و ئایندەی کەلەپوری کوردی لێکدایەوە، بە بڕوای ئەو بوونی چالاکی لەم چەشنە، دەبێتە پێشبڕکێی نێوان گروپ و تیپە بەشداربووەکان، ئەمەش وادەکات ئاستی هونەی کوردی تیپەکان پێشبکەوێ و هونەرمەدان بەدوای داهێنان و کاری باشتر و رەسەنتردا بگەڕێن.



ئەندامانی تیپی نارینی فۆلکلۆری و کەلەپوری کوردی

# ئازادی ڕۆژنامەوانی، پێویستی بە ڕۆژنامەنووسی بوێر هەیە



بۆ من هەلێکی باش بوو، کە لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە پێنج ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەگرو بوێری ئێران ئامادە بووم. ئەگەرچی لە ئێران ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی لە مەترسیدایە و وەك هەندێك ڕوناكبیر و ڕۆژنامەوان بۆی دەچن ئەو وڵاتە زیندانێکە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی. وەلێ کاتێك دیمەنی ڕێزلێنان لەو پێنج ڕۆژنامەنووسە و بەخشینی خەڵاتی ئازاترین ڕۆژنامەنووس بە (ئەکبەری گەنجی)م بینی، ئازایەتی هەندێك لە ڕۆژنامەڤانانی ئێران سەرنجی ڕاکێشام.

(ئەکبەری گەنجی) ڕۆژنامەوان، لە ماوەی کاری ڕۆژنامەوانیدا پتر لە شەش ساڵی تەمەنی لەزیندان بەڕێکردووە و داوای پاشگەزبوونەوە لە بیرو بۆچوونەکانی لێکراوە، بەڵام سوور بووە لەسەر بیرو ڕایەکانی. ئەو لە دیارترین ڕۆژنامەوانەکانی ئێرانە و کۆمەڵێك کتێبیشی سەبارەت دیموکراسیەت و مۆدێرنەتە و سیستەمی سیاسی ئێران نووسیووە، لەو ڕێوڕەسمەشدا ئەکبەری گەنجی و هاوڕێکانی دووبارە ڕەخنەیان لە سیستەمی سیاسی ئێران گرت و داوای ئازادییان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی ئەو وڵاتە کرد. گەنجی وتی: نابێ ڕۆژنامەنووس خۆی لە مەسەلە گرنگ و جەوهەرییەکانی کۆمەڵگا بدزێتەوە، دەبێ کارێکی ئازایانە بکات و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی شتە خراپەکان بدات، نەك هەر گەنجی بەڵکو زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بە بەرچاوی میدیاکانی ناوخۆو دەرەوە داوای کرانەوە و لابردنی کۆت و بەندەکانی بەردەم ژیانی ڕۆژنامەنووسی ئەو وڵاتەیان کرد و گرتن و زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسانیشیان وەك واقیعێکی تاڵ لێکدەدایەوە. ڕۆژنامەنووسێك بە جورئەتێکی زۆرەوە وتی: ڕۆژێك دێت ئەوانەی تەنگ بەڕۆژنامەنووسان هەڵدەچنن و ئەیانخەنە زیندان، تۆڵەی ئەم هەموو خراپەکارییەیان لێبکرێتەوە. ئەوەی لە هەمووشی جوانتر هەڵوێستی ئەنجوومەنی صنفی ڕۆژنامەنووسانی ئێران بوو، کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕۆژنامەنووسی ئازاد ڕێوڕەسمەکەی ڕێکخستبوو و لە وتاری خۆیدا زۆر بە زەقی ئاماژەی بە فشاری سەر ڕۆژنامەنووسان کرد و داوایکرد چیتر ڕۆژنامەنووسان ڕاپێچی زیندان نەکرێن. هەر لەوێشەوە ئەنجوومەنی ناوبراو هەواڵی دەستگیرکردنی نووسەرو ڕوناکبیر(ڕامین جیهان بەگلو) ی ڕاگەیاند. ئەوکات لەخۆم پرسی تۆبڵێیت کاتێك ڕۆژنامەوانێکی باشووری کوردستان بە پشت بەستن بە بەندێکی یاسای سەردەمی حکومی بەعس دەگیرێت و دادگایی دەکرێت، هەڵوێستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لەمەڕ خۆمان چی بێت؟. خۆشبەختانە نەقیب و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ئەم بۆنەیە بانگهێشت کرابوون و ڕووداوەکەیان بەچاوی خۆیان بینی، بۆیان دەرکەوت سەندیکای وڵاتێکی داخراوی وەك ئێران چۆن بیردەکاتەوە و کەوتۆتە کامە بەرە.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەبێ داکۆکیکاری ڕاستەقینە بێ لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و لە بەرەی ڕۆژنامەنووساندابێ، نەك خۆی بداتە پاڵ دەسەڵات و داوای بێدەنگی لە ڕۆژنامەڤانان بکات، کاتێکیش کە ڕۆژنامەڤانێك ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، پێویستە بە ئاشکرا پشتی بگرێ و داکۆکی لێبکات.

محەمەد حاجی کەریم

بە هیچ جۆرێك مەبەستم نیە ڕەوشی چاپەمەنی کوردستان لەگەڵ ئێران، یان هەر وڵاتێکی دیکەی دەوروبەر بەراورد بکەم، کورد خوێنێکی زۆری بۆ ئازادی ڕشتووە، نرخی ئازادی و دیموکراسیەت باش دەزانێ، کە ڕۆژنامەنووسیش ڕەخنە دەگرێ و داوای چاکسازی دەکات، لە دڵسۆزی و خۆشەویستیەتی بۆ وڵاتەکەی. بۆیە هەقە وڵاتی ئێمە نموونەیەکی گەشی ژیانی ڕۆژنامەنووسی پیشانی دنیا بدات، نەك بە پێچەوانەوە.

شەرمەزارییەکی گەورەیە ئەگەر سەرکوتکردن و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتێکدا بوونی هەبێت، کە خۆی قوربانی زۆری بۆ ئازادی داوە. بەداخەوە چەند ساڵێکە داوای سنووردارکردنی ئازادی و بێدەنگی لە ڕۆژنامەنووسان دەکرێ و لە سەر پرسیار و ڕەخنەی بچووك، ڕۆژنامەکان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە و لە پەنای یاسایەکی بێماناادا دادگایی دەکرێن. ئەمەش وادەکات ئاژانسە ڕۆژنامەوانیەکانی جیهان وەدەنگ بێن و ئاماژە بە فشاری دەسەڵاتی کوردی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان بکەن و وێنەیەکی ناشیرینی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی کوردستان پیشانبدەن. ئەوەی جێی نیگەرانییە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان زۆر جار لە دادگایکردن، یان زیندانی کردنی ڕۆژنامەوانان، بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت. ئەو ماوەیە سەرنووسەری پێشوو و ئێستای هاوڵاتی دادگایی کران، بەڵام ئەنجوومەنی سەندیکا بەچەند وشەیەکیش ڕونکردنەوەی نەبوو. لەکاتێکدا ئەگەر هاوڵاتی لەو بابەتەی، کە لەسەری دادگایی دەکرێت، هەڵەیەکیشی کردبێ، ڕاستییەکی درکاندووە. بۆچی ڕۆژنامە بۆی نەبێت هەواڵی فەسڵکردنی دوو فەرمانبەری حکومەت بڵاوبکاتەوە. مادامەکێ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نوێنەرایەتی ڕۆژنامەڤانان دەکات، دەبێ خۆی بە پارێزەرو داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسان بزانێ و کار بۆ فراوانکردنی سنووری ئازادی بکات. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ ڕۆژنامەگەری ڕاستەقینە ئەو ڕۆژنامەگەرییەیە، پەردە بەڕووی گەندەڵی و ناتەواوییەکان هەڵدەداتەوەو دیاردە نێگەتیڤەکان دەخاتە ژێر پرسیار، کار بۆ گۆڕین و ئایندەیەکی جوان دەکات. هاتنەکایەی ڕۆژنامەوانی ئازاد و ڕاستەقینەش، پێویستی بە ڕۆژنامەنووسی بوێر وئازا هەیە، پێویستی بە قوربانی و ڕاستگۆیی هەیە.

(ئەکبەری گەنجی) بۆیە دەبێتە ناوێکی درەوشاوە، چونکە ڕاستگۆیانە ڕەخنە لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکەی دەگرێ، داوای شەفافیەت و دیموکراسیەت دەکات، لە پێناو گۆڕان و ئازادیشدا باکی بە زیندان و قوربانیدان نیە.